# پارێزگای سلێمانی

**کۆدی پرۆژە [SUL. G. (٣٠٥٢)] ساڵی ٢٠١٧**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگێشتی (کراوە)**

# بۆ پرۆژەی : هەڵسەنگاندنی سەلامەتی بەنداوی دوکان( ٢٠١٧ ).

**پارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە با سەردانی بینای **پارێزگای سلێمانی** (کاروباری هونەری/ب. گرێ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر ) بکات لە نهۆمی زەمینی بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر ( ١٠٠,٠٠٠ ) سەد هەزار دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەر کرێی بلاَوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

١-وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ( ١٥ /٢٠١٧/٠٥ ) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٠٤/ ٢٠١٧/٠٦ ) لەکاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر ( ١٢:٠٠ )ی پاش نیوەڕۆ .

٢- ڕۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا ( ٠٧/ ٠٦/ ٢٠١٧ ) کاتژمێر ( ١٠:٠٠ ) ی پێش نیوەڕۆ .

٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژی ( ٠٧/ ٠٦ /٢٠١٧ ) دەبێت دوای داخستنی صندوقی تەندەر.

٤- ئەگەر ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی دوای پشوەکە دەبێت.

٥- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە : ( ٩٠ ) نەوەت ڕۆژی ڕۆژمێری .

٦- پێویستە بەڵێندەر لەکاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وەتیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات.

٧- پێوستە بەڵێندەر لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ ( email ) ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات

٨- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ ( ٢ ) ی ساڵی ( ٢٠١٦ ) بێت.

٩- پێویستە کۆمپانیاکان لەدوای بەرواری پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بە بەردەوامی سەردانی کاروباری یاسا بکەن لە ب. گرێبەستەکانی پارێزگا بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەسپاردەکردنی پرۆژەکە ، پاڵپشت بەمادەی ( ٣٧ ) برگەی ( ٢ ) لە ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ ( ٢ ) ی ساڵی ( ٢٠١٦ ).

١٠- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر دەرختەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی ب. گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو/ بەنداوی دوکان بکات.

## (( مەرجەکانی بەشداری کردن ))

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کە بەشداری دەکەن پێوستە پلەی پۆلێنکردنیان لە پلە ( ٢ - ٨ ) دا بێت , بە مەرجێك پسپۆر بێت و کاری هاوشێوەی هەبێت لەو بوارەدا وەپێناسی پۆلێن کردنیان پێبێت کەلە (وەزارەتی پلاندانان ) ەوە دەرچوێت و بەرواری بەسەر نەچووبێت و پێناسەی ( یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستانیان )پێبێت و بەرواری بەسەر نەچوێت .

٢- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم , بە مەرجێك پسپۆر بێت و کاری هاوشێوەی هەبێت لەو بوارەدا .

٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم, بە مەرجێك پسپۆر بێت و کاری هاوشێوەی هەبێت لەو بوارەدا .

٤-هەر کۆمپانیایەك یان بەڵێندەرێك پسپۆری نەبێت لەم بوارەدا دەتوانێت ( جۆینت ڤێنچەر ) بکات لەگەڵ کۆمپانیای بیانی پسپۆر .

٥- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٦- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن .

٧- بارمتەی سەرەتایی / بەڵێننامەی نوسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر .

٨- بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئامادەبێت ,ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

٩- پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ.

١٠- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر ( ٩٠ ) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

١١- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی ( تحفظ ) کاری لەسەر ناکرێت و ڕەتدەکرێتەوە.

١٢- پارێزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی فەرمانی سپاردن .

عمر احمد امين

ل. پارێزگاری سلێمانی

٢٠١٧/٠٥/

وێنەیەك بۆ:

- بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریای / گە نجینەی ٢/ سلێمانی / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب.گ. بەنداو و کۆگاکانی ئاو / بەنداوی دوکان / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لەکاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- سایتی پارێزگا
- ب . ژمێریاری / لەسەر بودجەی هەنوکەی / و. کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ ساڵی ٢٠١٧ .
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لەکاتی کردنەوەی تەندەر.
- فەرمانبەری تایبەت بەکاری بلاَوکردنەوە لەڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەڕی www.slemani.gov.krd بکە .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی ( ٠٥٣٣١٩٣٩٧٣ ) وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەر یان email: ps.tendering@yahoo.com

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئامادەکردنی بانگەواز<br>ئەڤین محمود حمە | ئە. ئامادەکردنی تەندەر | ئە. چێکی تەندەر | ڕەزامەندی ل.کاروباری تەندەر بۆ بانگەواز | ڕەزامەندی ب.گرێبەستەکان بۆ بانگەواز |